# چەند سەرنجێک لەبارەی سۆسیۆلۆژیای هەڵبژاردنەوە

ن: موسڵح ئیروانی

هەڵبـژاردن یان دەنگدان دیاردەیەکی کۆمـەڵایەتی، سیـاسی و یاسـاییـشـە. دەنگدان و ئەنجـامـدانی هەڵبـژاردن بەشـێکی جیانەکـراوەی ژیانی سیـاسی - کـۆمەڵایەتییە لە هەر وڵاتێکدا. ئەگـەرچی ئەم کردەیە پەیوەندی بە هەمـوو خەڵکی پێگەیشـتووی ژوور (١٨) سـاڵـیـەوە هەیە، بەڵام ئەنجـامـەکـانی کـاردانەوەی لەسـەر منداڵ و هەرزەکـارانیش دەبێت. لەبەرئەوە دیاردە و کـردەیەکی کـۆمـەڵایەتیـیـە، بەتایبـەت لەسـەردەمی نوێدا بۆیە پێویستە بەمیتۆدی سۆسیۆلۆجی لێی بکۆڵینەوە و هەوڵی ناسینی سەرچاوە و فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی و ئەنجامەکانی لە کایەی ژیانی کۆمەڵایەتی بدەین.

لەڕووی سۆسیۆلۆجییەوە گرنگە بزانین هەڵبژاردن وەک «کردە» و وەک «دیاردە» چییە و چی حوکمی دەکات.

لە ئاستی کردە گرنگە بزانین، هەڵبژاردن کردەیەکی عەقڵانییە یان سۆزداری، لێکدراوە و بەرژەوەندیخوازانەیە یان تەقلیدی، کردەیەکی بەکۆمەڵە یان تاکەکەسی، هۆشیارانەیە یان ناهۆشیارانە و... هتد.

هەروەها کاتێک هەڵبژاردن وەک دیاردە وەردەگرین پێویستە لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سایکۆلۆجییەوە لێی بکۆڵینەوە. دەبێ بپرسین ئەرێ چ هۆکارێک یان هۆکارگەلێک دەوریان هەبووە لە هەڵبژاردنی لایەنێک یان لایەنەکاندا؟ ڕەوشی کۆمەڵایەتی دەنگدەران چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەفتاریان لە هەڵبژاردندا هەیە. بەواتایەکی تر ئەگەر سەنگەربەندی چینایەتی و توێژبەندیی هەیە لەم هەڵبژاردنەدا چۆن ڕەنگی داوەتەوە؟ بۆ نموونە ئایا خەڵکی سەر بەچینی ناوەڕاستی شاری دەنگیان بە حیزبێکی تایبەت داوە؟ ئایا دەتوانین وەک پارامترێک هۆکاری ڕەگەز وەرگرین؟ لێرەدا دەپرسین، بۆ نموونە، ئافرەتان زۆربەیان دەنگیان بەکێ داوە؟

هەروەها لەڕووی تەمەنیشەوە پرسیارکردن پێویستە. ئایا ئاراستەی دەنگدانی لاوان بەرەو کوێیە و هی پیران ڕوو لە کام لایەن و پارتە. ئایا دەتوانین بڵێین ئایین و ئینتیمای مەزهەبی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری دەنگدەران هەبووە؟

پرسیارێکی زەفتر ئەوەیە، ئایا هۆکاری جوگرافی چۆن دەنگەکانی دابەش کردووە.

هەموو ئەو سەرەداو و پرسیارانە دەشێ لە میتۆدی کۆمەڵناسیدا تاوتوێ و شیبکرێنەوە، بوارێکی لێکۆڵینەوە هەیە بەناوی سیفۆلۆجیا (Psyphology). بواری لێکۆڵینەوەی ئەم لقە زانستییە بریتییە لە دەنگدان، بەتایبەت لەڕووی هەڵکشان و

داکشانی دەنگەکان، واتە پێوەری هەڵکشان و داکشانی دەنگەکان و تێگەیشتن لە هۆکار و پاڵنەری ئەو هەڵکشان و داکشانانە و پێشبینیکردنی چارەنووس و ئایندەی حیزبەکان. سیفۆلۆجیا گرنگی بە ئامادەیی خەڵک بۆ دەنگدان و ئەو توێژەی بەشداریی چالاکی کردووە، رۆڵی لاوان و ئافرەتان، خودان پیشەکان، دابەشبوونی هەرێمی و ئێتنی و ئایینی و مەزهەبی، دەدات.

## ئەو هۆکارانەی دەوریان نەبووە لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا

قسەکانم لێرەدا زیاتر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەگرێتەوە نەک هەڵبژاردنی کۆمەڵی نیشتمانیی عێراقی.

بەر لەوەی باسی ئەو هۆکارانە بکەین کە دەوریان هەبووە لە ئاراستە و رەفتاری دەنگدەراندا، با باسی ئەو هۆکارانە بکەین کە دەوریان نەبووە لە هەڵبژاردن یان ئەگەر هەشبووبێ زۆر کەم بووە.

### ١- رەوشی کۆمەڵایەتی و ئینتیمای چینایەتی:

لە کوردستاندا سەنگەربەندی و کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان دیارنین. سەنگەربەندی و کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەن کە بۆ نموونە کرێکار خاوەن ئینتیماو هۆشیارییەکی کرێکاری بێت و ئینتیمای بۆ حیزبێک هەبێت کە بەپلەی یەکەم گرنگی بە مافەکانی کرێکار بدات و هتد... لە کوردستاندا رێژەی کرێکاران زۆرە، بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دیارە کە چەند ئەندام و لایەنگری هەن و تەنانەت ئەمرۆ نفوزی لە نەخشەی سیاسیدا نابینین.

لەلایەکی تریشەوە ناسنامەی حیزبەکانیش (بەتایبەت حیزبە گەورەکان) گشتگیر و فرەلایەنە. کێ دەتوانێت ئەمڕۆ سیفەتی کۆنەپارێزی بە پارتی یان چەپگەڕێتی بە یەکێتی بدات. ئەمە ئاسان نییە. ئەم دوو حیزبە ئەندام و لایەنگریان لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا هەیە. بۆیە ناتوانین ئەم سیفەتە بدەینە پاڵ حیزبەکان. بەپێچەوانەوە، ئەو حیزبانەی بەدوای ناسنامەیەکی دیاریکراودا دەگەڕێت لەلای خەڵک نفوزیان نییە. کوا نفوزی بزووتنەوەی جوتیار و چەوساوان لە کاتێکدا ڕێژەی جوتیار و لادێنشین لە کوردستاندا زۆرە. لە زۆربەی گوندەکان کوردستاندا ناوی بزووتنەوەی جوتیار و چەوساوان نەناسراوە، یان لەوانەیە ناوهێنانی ببێتە هۆی ئەوەی کابرا لەو گوندە دەربکرێ.

**٢- ڕەگەز:**

لەو دوو خولەی دوایی دەنگدانی ئێراندا بۆ سەر کۆماری، کە تیایدا دکتۆر خاتەمی هەڵبژێردرا، باسی ئامادەیی زۆری ئافرەتان کرا لەو پرۆسەیەدا و دەوریان هەبوو لە هەڵبژاردن و سەرخستنی خاتەمیدا. ئافرەتان دیارە خواستەکانیان لای وی دۆزیەوە بۆیە دەنگیان بەودا. هەرچۆنێک بێت ئافرەتانی ئێرانی ئەنجامی دەنگدانیان بەسوودی خاتەمی یەکلاکردەوە. بەڵام لە کوردستاندا ئافرەتان نەهاتن دەنگبدەن لەسەر ئەو بناغەیەی حیزبێکی دیاریکراو بایەخ بەکێشەکانیان دەدات یان خودان دروشمگەلێک و پەیامگەلێکن کە بەلای ئەوانەوە گرنگن.

**٣- تەمەن:**

دیسانەوە ناتوانین بزانین لاوان زیاتر دەنگیان بەکێ دا و پیران دەنگیان بەکێ دا، لە بنەڕەتدا پێموا نییە تەمەن وەک گۆڕاوێک هیچ دەورێک لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا هەبووبێ.

**٤- شوێنگەی جوگرافی (شار و لادێ):**

شوێنی نیشتەجێبوونیش لەڕووی شار و لادێ وەک گۆڕاوێک لەم هەڵبژاردنەدا خۆی دەرنەخستووە.

توێژەرێکی نەرویجی بە ناوی «ستین روکان» گریمانەیکی هەیە بەناوی «بەبەستەڵەکبوونی کەلێنەکان یان سنوورەکان». ئەو پێیوایە کەلێنە سەرەکییەکان دوای دروستبوونیان لە کۆمەڵگادا، بەرەو بەستەڵەکبوون دەڕۆن و بۆ ماوەیەکی زۆروا دەمێننەوە. لەهەر رەخێکی ئەم کەلێنەدا مرۆڤگەلێ هەن کە ئامادە نین بێ بەهانە پێگەی سیاسی و ئابووری خۆیان بگۆڕن و وەکو بازاڕی ئابووری، کۆمپانیای خۆیان بەجێ بهێڵن و روو لە کۆمپانیایەکی تر بکەن.

بەڵام مەسەلەی ئینتیما بۆ حیزب وەکو ئینتیما بۆ کۆمپانیایەکی ئابووری نییە. لە حیزبدا بیروباوەڕ و فکریش هەیە. بەئاسانی دەتوانین ئەو سوپەرماکێتەی خۆمان بەجێ بهێڵین و لە سوپەرمارکێتێکی تر پێداویستییەکانمان بکڕین، بەڵام ئەوەی خەڵک بە حیزبێ سیاسییەوە گرێدەدات بیروباوەڕە و لەویش کاریگەرتر بەرژەوەندییە بەمانا فراوانەکەی.

## ئەو هۆکارانەی دەوریان هەبوو لە دەنگداندا

### ١- جوگرافیای دەسەلات:

زۆربەی جار لە زۆر وڵاتدا کاتێک دیراسەی رەفتاری دەنگدان دەکەن، نەخشەی دابەشبوونی جوگرافیانەی دەنگەکان دیاردەکەن. بۆ نموونە لە باشووری وڵاتدا حیزبێک دەنگی پتر دێنێ و لە باکوور یەکێکی تر.

لە کوردستانیشدا دەبینین لە هەرێمی ژێر دەسەلاتی پارتی، پارتی یەکەم دەنگ دێنێت و لە هەرێمی ژێر دەسەلاتی یەکێتی، یەکێتی یەکەم دەبێت. بێگومان هۆکاری تریش دەوریان هەیە و مەرج نییە هەموو خەڵک دەنگ بە (دەسەلات) بدات، کە ئەنجامەکانیش وانالێین.

***خەڵک دەنگ بە حیزبی دەسەلاتدار دەدەن:*** ئەگەر نەخشەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بکێشین و رەنگ بکەین، دەبێ بەگوێرەی زۆرینی دەسەلاتی دوو حیزبە گەورەکە لە سنووری دێگەلەوە بەلای هەولێر و شەقلاوە و سۆران تا دەگاتە دهۆک و زاخۆ رەنگی زەردی بدەینێ و ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتی سەوز بکەین. بۆیە دەتوانین بڵێین نەخشەی دەسەلات دەستنیشانی نەخشەی دەنگدان دەکات. بۆچی زۆربەی خەڵکی ژێر دەسەلاتی یەکێتی دەنگ بەدەسەلاتی خۆیان دەدەن و خەڵکی ژێر دەسەلاتی پارتی دەنگ بەپارتی دەدەن؟ لەوانەی بەشێکیان پاساوی ئەوە بێننەوە کە دەنگیان بەو لایەنە داوە کە خزمەتیان دەکات. لە راستیشدا وایە چونکە دەسەلات ئیمکانیەتی لەبەردەستدایە و لەرێی حکومەتەوە ناچارە خزمەتگوزاری پێشکەش بکات.

راستە هەندێ کەس هەر لە بنەڕەتدا یەکێتین و لەناوچەی پارتی دەژین و

بەپێچەوانەشەوە. بەڵام بەشێکی زۆری خەڵک بۆیە لە سلێمانی دەنگ بە یەکێتی دەدەن چونکە دیسان ئەو لەو ناوچەیەدا دەسەڵاتدارە.

کەی ئەم قسەیە راستتر دەردەکەوێ؟ دەگوترێ نزیکەی (١) ملیۆن کورد هەیە لە بەغدا بەڵام ئایا لیستی هاوپەیمانیی کوردستان چەند دەنگی هێناوە؟ کوردەکانی بەغدا کەمتر لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی کوردیدا بوونە بۆیە بەکەمی دەنگیان بۆ کوردستان داوە.

**٢- هەڵوێستی نەتەوەیی:**

بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی کە دەڵێ خەڵکی کوردستان هۆشیاریی نەتەوەییان لاوازە، خەڵکێکی زۆر ئامادەبوون بۆ هەڵبژاردنی یەکەم دەنگ بدەن، بەڵام بۆ دووەم و سێیەم هەڵوێستێکی تریان هەبوو.

خەڵکی ئێمە ئەزموونێکیان لەگەڵ پەرلەمان و (١٣) ساڵ کارکردنی هەیە، و هەندێ لە ئەندامەکانی بەداخەوە خەڵک رای سلبی هەبوو لەسەریان. بەکورتی نائەکتیڤی پەرلەمان لە چارەسەرکردنی کێشە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی و کەسایەتیی لاوازی هەندێکیان بووە هۆی ئەوەی پەرلەمان وێنەیەکی جوانی لای خەڵک نەبێت. من پێم وایە ئەگەر هەڵبژاردن تەنیا بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی کوردستان بکرایە، خەڵکێکی کەمتر بەشداری تیادەکرد.

ئەمە لە ئاستێکی گشتیدا، لە ئاستی حیزبەکانیشدا هەڵوێستی سیاسی ئەم دواییەی سەرۆک بارزانی لەسەر کەرکوک و ئایندەی چارەنووسی کورد کاریگەر لەسەر زیادبوونی دەنگی پارتی لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵاتیش هەبوو. ئەگەرچی خەڵک لە هەندێ بەرپرسی پارتی پڕن بەڵام بارزانی قورساییەکی زۆری لەسەر دەنگدەران هەبوو.

**٣- ژینگەی خێزانی:**

هۆکارێکی تر کە دەوری هەبوو لەوەی تاکەکەس دەنگ بەحیزبێکی دیاریکراو بدات کەشوهەوای خێزانیەتی. چونکە لەرێی پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە منداڵ مەیلی پارتی یان یەکێتی یان شیوعی و یەکگرتوو بوونی لەلا دروست دەکرێت.

بەپێچەوانەی هەڵبژاردنی (١٩٩٢)، هاودەنگی لەناو خێزاندا لەم هەڵبژاردندا پتر بوو. ئەمە پێویستی بەدیراسەکی پراکتیکی هەیە، نەک تەنیا وەک دیراسەیەکی استطلاعی ئەم قسەیە بکەین. ئینیتما بۆ حیزب زیاتر پەیوەندییەکی عاتفی و سۆزدارییە کە زۆربەی جار لەلایەن خێزان و دەوروبەرەوە ئاراستە دەکرێت.

**٤- پێگەی وەزیفی و کار.**

لەوانەیە بەهەڵەدا نەچووبین ئەگەر بڵێین ئەوەی پێگەیەکی وەزیفی لە هەولێر هەبێ دەنگی بەپارتی داوەو ئەوەی سلێمانی بە یەکێتی کارکردن لە چوارچێوەی ئیدارەی حیزبی باڵادەستدا وادەکات مرۆڤ هەستی ئینتیما بۆ ئەو حیزبەی لادروست ببێ. لەلایەکی تریشەوە تاکەکەس هەست دەکات حیزبەکە کاری بۆ دۆزیوەتەوە و نانی دەدات.

**٥- وردە کولتوری ناوچەیی:**

ئاسان نییە لە ئاکرێ و دینارتێ دەنگ بە یەکێتی بدرێ، یان لە رانیە دەنگی بە پارتی بدرێ. کەشوهەوای وردە کولتوریی ئەم ناوچانە مەیلی پارتی و یەکێتی بوون دروست دەکەن.